# "وێڵی ئەوینی یەکجاری"

**مستەفا چـــــوارتایی**
chuartaiy@gmail.com



**لەوەتەی هەم**
**هەر  بەدوای تۆدا رادەکەم**
**من پیادەم و تۆ سواری**
**ئەی ئەوینی راستەقینەم**
**ئەی هەوێنی پڕ دڵسۆزی و**
**وەفاداری**

**لەوەتەی هەم**
**بە یاسای سرووشت و گەردوون**
**دوور لە خواستی**
**ئەوانەی هاتوون و رۆیشتوون**
**دوور لە خواستی**
**ئەوانەش خۆم بەجێمهێشتوون**
**پەروانەیەک بووم بە ڕاستی**
**"پەروانەش قەت ناگات بەشەم"**
**بەشی سووتانە و لەناوچوون**

**دوور لە ئومێدی گەیشتن بە لووتکەی تۆ**
**تۆ ئەی چیای باڵاهەڵچوو**
**هەتا هەور**
**ئەی راستیی**
**ئەی خۆشەویستیی**
**چۆن دەبێ بژیم و هەڵکەم**

**لەوەتەی هەم**
**واهەست دەکەم**

لەباخچەکەی دڵی خۆشما
تۆ خاوەنی و
من بێگانەم
تۆ جێگیری و
من بێلانەم

لەووەتەی هەم
من شارەزایەکی وێڵم
گوند و شار و
دەشت و چیا و
نزار وجەنگەڵ تەی دەکەم
هەندێ جاریش هێند بەپەلەم
بەر لەوەی خۆر لەکەل هەڵبێ
بڕیار دەدەم
هەر دەڵێێ پیری شەوکێڵم

بەقەدەر نزیکبوونەوەی
لێوی دوو عاشقی تینوو
من لە تۆ نزیک دەبمەوە
لەپڕ بەئاگا دێمەوە
تۆ دەبیتە تارماییەک
بەخێرایی برووسکەیەک
لێم ون دەبی و
من وەستاوم لەجێگەی خۆم

لەووەتەی هەم
کارەسات و کۆست وکۆسپ
بەکۆمەڵ دێنە سەررێگەم
ئەوەی کە نایە تەنیا تۆی
ئەی ئەوینی راستەقینە
وەک میوانێکی ئازیزی درەنگوەخت
سەردانمکە
بەراستیمە، بە تاسەوە بیرت دەکەم
دەستکەرە ملم بۆ جارێک
باتا تێر دەبم
ماچتکەم

کوێلن . ئەڵمانیا . 11ی ئۆکتۆبەری 2006
"پەروانە قەد ناگا بەشەم" رستەی گۆرانییەکی هونەرمەند بەهجەت یەحیایە